باشترین پارە کە کەسێک خەرجی بکات ؛ پارەیەکە بۆ منداڵەکانی خەرجی بکات، وپارەیەک لە سەر ئاژەڵەکەی (خەرجی بکات لە پێناو اللە (لە جیهاددا

لە ئەوبانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی اللہ علیہ وسلم- دەفەرموێت: «باشترین پارە کە کەسێک خەرجی بکات ؛ پارەیەکە بۆ منداڵەکانی خەرجی بکات، وپارەیەک لە سەر ئاژەڵەکەی خەرجی بکات لە پێناو اللە (لە جیهاددا)، وپارەیەک خەرجی بکات بۆ هاوڕێکانی لە پێناو اللە». ئەبو قیلابە ووتی: سەرەتا بە منداڵەکان دەستپێکرد، چی پیاوێك پاداشتی گەورەترە لەو پیاوەی خەرجی دەکات بۆ منداڵەکانی، دووریان دەخاتەوە (لە داواکردن لە خەڵك) یان سوودیان پێدەگەیەنێت وبێ پێویستیان دەکات لە خەڵکی.

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلی اللہ علیہ وسلم- چەند شێوەیەك لە مەسرەف کردنی ڕووونکردەوە، وڕیزبەندیانی کرد بەپێی واجبترینیان لەسەر مرۆڤ ئەگەر کەڵەکە بوون ونەزانرا باشتر وایە لە کامیان خەرج بکرێت، سەرەتا لە گرنگترینەوە دەستپێکرد: فەرمووی ئەو پارەیەی زۆرترین پاداشتی لەسەرە ؛ ئەوەیانە کە مسوڵمان خەرجی دەکات بۆ ئەوانەی واجبە خەرجیان لەسەر بکات وەکو خێزان ومنداڵ، پاشان خەرجیکردن لەسەر ئەو ئاژەڵ وکەرەستانەی ئامادە دەکرێت بۆ جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە، پاشان خەرجیکردن بۆ ئەو هاوڕێیانەی کە لە حاڵەتی خۆئامادەکردنن بۆ جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3267